# نە نالی حەبیبەی خواستووە و نەحەبیبەش بە ئەوینی نالی گرفتار بووە

بەشی پێنجەم

(سەری زوڵفت کە ڕشتەی عومری خدرە , نیوە هەودایە . . چ هەودایە ؟ کە هەر حەڵقەی دووسەد زەنجیری سەودایە ) لاپەڕە 556 . چونکە باس لە سەری زوڵف دەکات و ناڵێت درێژی زوڵفی یار , کەواتە مەبەست لە خدر تەنیا نالی خۆیەتی و هیچ پەیوەندییەکی بە خدری زیندەوە نییە . نالی دەڵێت سەری زوڵفی تۆ ( ئەڵبەتە لای من ئەو کەسەی ئەم شیعرەی بۆ ووتراوە حەبیبەیە , وە لە دواییدا دێمە سەلماندنی ڕایەکەم ) کە تەمەنی منی پێ هۆنراوەتەوە هێندە باریکە وەک نیوە تاڵ ( ئەگەر بە باری درێژیدا مووەکە لەت بکرێت ) وایە . بەڵام جگە لەوەی کە ئەم نیوە تاڵە هێندە باریکە ئیمکانی پچڕاندنی هەیە , یان باشتر وایە بڵێین ئەو شتەی کە ئەم نیوە تاڵەی لێوە هەڵکێشراوە ڕاگیری ناکا و دەکەوێتە خوارەوە , ئەڵێم جگە لەوەش , چۆنە وا تەمەنی نالی بەو درێژییە تەنیا سەری زوڵفی حەبیبە دەبێت بە ڕشتە ( دەزوو ) بۆی ؟واتە بۆ هەموو زوڵفەکە نابێت بە ڕشتە بۆی ؟ یان تاڵێکی زوڵفەکەی بە باری درێژیدا نابێت بە ڕشتە بۆی ؟ . نالی چۆن ئەم دوو دژە لە گەڵ یەکدا کۆ دەکاتەوە , لە کاتێکدا کە بە ڕواڵەت هیچ پەیوەندییەک بە یەکیانەوە نابەستێ . ئاخر نالی کە دەڵێت سەری زوڵفت , لەوانەیە درێژییەکەی هەر بە قەدەر پانیی مووەکە خۆی بێت , یان لە باشترین حاڵەتدا بە درێژایی یەک سانتیمەتر بێت , ئیتر چۆن ئەمە دەبێت بە ڕشتە بۆ تەمەنی نالی ؟ ئەگەر ئاوا سەر زارەکی سەیری دێڕە شیعرەکە بکەین , دەربڕینەکەمان لا نامۆ دەبێت و توانای شاعیرەکەشمان لا دەچێتە ژێر پرسیارەوە . بەڵام چونکە نالی مامۆستای ووردە کارییە لە شیعردا , ئەوە ئەو نییە کە تووشی هەڵە دەبێت لە داڕشتندا , بەڵکو ئەوە ئێمەین , هەندێک جار بچوکین لە ئاستی لێکدانەوە و تێگەیشتن لە شیعریدا . نالی لەم دێڕەدا تەمەنی خۆی هێندە کورت کردووەتەوە کە سەری زوڵفی حەبیبە ڕشتەیەکی پڕاوپڕە بۆی . ئەو ناتوانێ لەم دنیای ئەوینەیدا بۆ حەبیبە , پارێزگاری لە ژیانی خۆی بکات . ئەو هەموو ساتێکی لە حاڵەتی مردنایە . ژیان و مردنی ئەو بەستراون بە خۆشەویستەکەیەوە . نالی لە کاتی دانانی ئەم شیعرەدا لەوە دەرچووە بتوانێت بێ حەبیبە بژی .

لە بەر ئەوە تەمەنی هێندە کورتە بە دەست حەبیبەوە , کە حەبیبە دەتوانێت سەری زوڵفی خۆی بکات بە ڕشتە بۆی . ئەم سەری زوڵفەش تاڵەکەی هێندە باریکە کە بە قەد نیوە تاڵێکە . کەواتە تەمەنی نالی جگە لەوەی کە هێندە کورتە , سەری زوڵفی حەبیبە دەبێت بە ڕشتە بۆی , هێندەش باریکە کە ڕەنگە لە بەر باریکی توانای ڕاگرتنی ئەم تەمەنە کورت و قورسە ( قورسە چونکە ئەوینێکی زۆری بە کۆڵەوەیە ) ی نالی نەبێت و لە دواییدا بەر بێتەوە .ئەوەی کە لێرەدا و لەم نیوە دێڕەدا پرسیارێکی تر بە رووماناا بەرز دەکاتەوە ئەوەیە کە بۆ نالی دەڵێت زوڵف ( کە لە چەندین موو پێکەوە پێک هاتووە ) و یەکسەریش دەیگۆڕێت بە تاڵە موویەک و تاڵە مووەکەش هێندە باریک دەبێتەوە کە دەبێت بە نیو تاڵ ؟ هەر ئەم پرسیارەش هەندێ پرسیاری تری لێ دەبێتەوە . ئایا نالی تووشی غەفڵەتی شیعری بووە ؟ ئایا ئەم دێڕە شیعرە دوای نالی و تا ئەمڕۆ دەست کاریی کراوە و شێوێندراوە ؟ ئایا نالی لە داڕشتنی وێنە شیعرییەکانیدا لۆجیکی دەرهاویشتووە ؟ ئایا کێش و سەروا و مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکە , ئەم هەڵەیەی پێ دروست کردووە ؟ .

ئەوەی شیاوی باسە ئەوەیە کە نالی لێرەشدا ووردە کارییەکی تری بە خەرج داوە و سەرکەوتنێکی تری بە دەست هێناوە . نالی خۆی نەخستووەتە ناوجەرگەی ناکۆکییەکەوە کە نەتوانێت لێی دەر بچێت . نالی دەیەوێت بڵێت زوڵفی حەبیبە لە گەڵ ئەوەدا کە لە ژمارەیەکی زۆر لە هەودا (تاڵە موو ) پێک هاتووە , بەڵام بۆ بەدبەختی نالی و تەنیا لە ڕووی تەمەنی نالیدا ئەم زوڵفە وەک یەک تاڵە مووی لێ دێت و ئەو تاڵە مووەش هێندە باریک دەبێتەوە کە بە قەد نیوە هەودایەکی لێ دێت . دوای ئەوەش ئەم نیوە هەودایە نابێت بە ڕشتەی تەمەنی نالی , بەڵکو تەنیا سەری ئەم نیوە هەودایە دەبێت بە ڕشتە بۆ تەمەنی نالی . جگە لەوانەی باسم کرد , هەر لەم نیوە دێڕەدا نالی بە حەبیبە دەڵێت ئاگاداربە , چونکە سەری زوڵفت کە زۆر کورتە و تەمەنی منیش لەو کورت ترە , هێندە باریکە کە ناتوانێت ئەم تەمەنەم ڕاگرێت و هەر کاتێک بێت بەر دەبمەوە . تەمەنی نالی لە واقیعدا کورت نییە , بەڵام بە هۆی

خۆشەویستییەکی بێ ئەندازەوە کە هەیەتی بۆ حەبیبە و بە هۆی ئەو ئەشکەنجە دانەی یارەوە بۆی کە لا لێ نەکردنەوە و دوور کەوتنەوەیەتی لێی , ئەم درێژییەی تەمەنی هێندە کورت دەبێتەوە کە لە چرکەیەک یان کەمتر لە چرکەیەکدا بەرجەستە دەبێتەوە . باشە , ئەگەر تەمەنی نالی هێندە کورت دەبێتەوە , ئەی بۆ لە ژیاندا ماوە و درێژە بە بوونی خۆی دەدات ؟ گرفتەکە ئا لێرەدایە , چونکە کات ( زەمەن ) شتێکی مادیی نییە تا وەک مووروو , دەنکی تەزبێح ,یان مێخەک و هتد , دەزووی پێوە بکرێت . کەواتە مەبەست لەم شتە کە لە دەنکە زەنگیانەیەکیش بچوکترە , بوون و ژیانی نالی یە وەک مادەیەکی زیندووی بەردەوام لە چوونە پێشەوەیدا بە ناو تەمەنیدا . واتە نالی هێندە بێ بایەخە لای ئەم دولبەرەی کە وەکو ئەتۆمێکی بچوک دەیکات بە سەری زوڵفیەوە . مانای زوڵفەکەیشمان لێکدایەوە کە بە قەدەر تاڵە موویەکە لە بەرامبەر نالیدا و هێندەش باریک دەبێتەوە کە وەک نیو تاڵە مووی لێ دێت کە بە باری درێژیدا لەت کرابێت ( واتە تاڵێکی مووە خۆرکە – مووە خۆرکە ئەو حاڵەتەیە کە تاڵی قژ بە باری درێژیدا لەت دەبێت –) . ئەڵبەتە تەمەن نوێنەرایەتی تەواوی مرۆڤ دەکات , چونکە کە دەوترێت فلان کەس تەمەنی حەفتا (70 ) ساڵ بوو ,

یانی حەفتا ساڵی ڕێک وەکو مرۆڤێکی زیندوو لە دنیای واقیعدا ژیانی خۆی بە سەر دەبرد . کەواتە نالی وەکو گرفتارترین مرۆڤ بە ئەوینی حەبیبەوە هێندە خۆی لە بەردەم خۆشەویستەکەیدا بچوک و بێ بایەخ دەکات کە وەک ئەتۆمێک ( زەڕەیەک ) دەچێتە سەری زوڵفیەوە . وە بە کار هێنانی تەمەنیش لە جیاتی خودی مرۆڤەکە , کە نالی یە , زۆر لۆجیکانەیە , چونکە تەمەن هەمیشە نوێنەرایەتی مرۆڤ دەکات . کەواتە تەمەنی نالی بە دەست حەبیبەوە هەمیشە بە لەحزەیە ( کە لەوانەیە ئەو لەحزەیە کەمتر لە چرکەیەکیش بێت ) . هەر لەحزەیەک حەبیبە وازی لێ هێنا و فرێیدایە ئەو دیوی ژیانی خۆیەوە , ئیتر نالی گیان لە دەست دەدات . ئەم کورت کردنەوەیە لە کاتدا لە گەڵ ئەو کورت کردنەوەیە لە زوڵفدا ( کە سەری زوڵفە ) دێتەوە , هەر وەک چۆن ئەگەر بە بارە مادییەکەشیدا تەمەن بکەینەوە بە خودی نالی خۆی و بچوکی بکەینەوە بە ئەندازەی ئەتۆمێک ئەوسا لە گەڵ سەری زوڵفدا دیسانەوە دێتەوە . بە ڕای من عەبقەریەتی نالی لە شیعردا لەم نیوە دێڕەدا بە ڕۆشنی دەرکەوتووە . ئەوەی کە دەمێنێتەوە ئەوەیە کە ئایا نالی مەبەستی لە هەموو تەمەنیەتی یان ئەو بەشەی تەمەنی کە لە کاتی شەیدا بوونیەوە بە حەبیبە دەست پێ دەکات تا ئەمڕۆ و ئەو بڕەشی لە تەمەن کە ماوە , یان لە دانانی ئەم شیعرەوە ؟ من بۆ خۆم پێم وایە مەبەستی نالی لە عومری کە سەری زوڵفی حەبیبە دەبێت بە دەزوو بۆی , لەو ساتەوە دەست پێ دەکات کە خۆشەویستی حەبیبە دڵی ئاوەدان کردووەتەوە . لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکات و هەتا ئەو کاتەشی کە گیان دەدات هەر ئەو تەمەنەی نالی بەو زوڵفەی حەبیبەوەیە . وە لە هەمان کاتیشدا ئەم دێڕە ئاماژە بەوە دەکات کە حەبیبە دڵی بە نالییەوە نییە و گوێی پێ نادات , ئەگینا نە ئەوەندە زوڵفی خۆی لە ئاستی تەمەنی ئەمدا باریک دەکردەوە و نە بە تەنیاش سەری زوڵفی دەکرد بە ڕشتە بۆی . لە نیوە دێڕی دووەمی ئەم بەیتەدا جگە لەوەی باس لە لوول خواردنی ئەم هەودایە ( زوڵفە ) دەکات و دەڵێت هەر لوول خواردنێکیشی زەنجیری دووسەد دڵی تیایە , ئاماژەش بەوە دەکات کە کەسانێکی زۆر بە ئەوینی حەبیبەوە گرفتار بوون . ئەمە ئەگەر ئەوینی حەبیبە نەبوو بێت کە ئاوا بیباتە ئەو دنیای هەژان و ووردە کارییەوە , مەرج نەبوو نالی بیتوانیایە وەکو شێوازێکی باوی کلاسیک لە شیعردا ئەم دێڕەی بەو چڕوپڕییە لە مانادا داڕشتایە . نالی نەکەوتووەتە غەفڵەتی شیعرییەوە . ئارەزوویەکی هێجگار زۆری لە ووردەکاری هەبووە لە شیعردا . ئەوەتا لە قەسیدەیەکدا دەڵێت : ( نالی بە داوە شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر . . بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە سەد داوی نایەوە ) .

هەر لەو شیعرەدا کە زوڵفی حەبیبە دەبێت بە ڕشتە بۆ عومری نالی و لە دێڕێکی تردا دەڵێت : ( هەناسەم زوڵفەکەی لا دا و مەیلێکی نەکرد چاوی . . نەسیم ئەنگوت و شەو ڕابورد و نەرگز هەر لە خەودایە ) .ئەم دێڕە هەرچەندە لە ڕووکاردا واتاکەی ڕۆشنە و ئەوە دەگەیەنێت کە هەناسەی نالی زوڵفی حەبیبەی لە سەر ڕووی لا بردووە و چاوی حەبیبەش مەیلی ئەوەی نەبوو خۆی بە ئاگا بێنێتەوە و واز لە خەوەکەی بێنێ , کەچی لە جەوهەردا مانای دێڕەکە زۆر لەوە زیاترە و ووردە کاری نالیش زۆر لەوە بەهێزترە . نالی لە شیعرەکەدا باس لەوە دەکات کە هێندە بچوک و بێ بایەخە وەکو ئەتۆمێک سەری زوڵفی حەبیبە دەبێت بە ڕشتە بۆی , ئەی چۆن دەتوانێت بڕوات بۆ لای حەبیبە و

هەناسەی خۆی بکات بە سەر دەم و چاوی حەبیبەدا و بەو هەناسەیەش زوڵفی حەبیبە لە سەر چاوەکانی لابات ؟ ئەی خۆ ئەوەتا نالی لە دێڕەکەی پاشتردا دەڵێت : لە دووری تۆیە ئەی خورشیدی پڕتەو بەخشی سەرگەردان . . کە نالی وا لە حاڵاتی محاقی ماهی نەودایە ) , لە دووری تۆیە ئەی خۆرە ڕووناکی بەخشەکە بە شەوگەردەکانی ئاسمان ( ئەستێرەکان ) کەوا نالی لە حاڵەتی مانگی سەرەتای مانگدایە و لە بەر باریکی لەوانەیە ببینرێت یان نەبینرێت . ئەگەرنالی لە دوایین دێڕی شیعرەکەدا وا دەڵێ و ئەوەندە لە دڵدارەکەیەوە دوورە , ئەی چۆن لە دێڕی پێش ئەو دێڕەدا هێندە لە دڵدارەکەی نزیکە کە هەناسەی نالی زوڵفی سەر ڕووی حەبیبە لە سەر چاوەکانی حەبیبە لا دەبات ؟ ئەگەر وایە و نالی هێندە نزیکایەتی لە گەڵ حەبیبەدا هەبووە , کەواتە حەبیبە نالی خۆش ویستووە ! ئەی ئەگەر حەبیبە نالی خۆش ویستووە , ئیتر ئەم هەموو ئازار کێشانی دوورییە چییە نالی لە شیعرەکانیدا باسی دەکات ؟ ئەگەر وابوو نالی بۆ حەبیبەی نەخواست ؟ نالی بۆ وولاتی بەجێ هێشت ؟ نالی بۆ دەڵێت : ( دەستم لە گەردنی خۆت هەڵمەگرە ئەی حەبیبە ) ؟ وەکو پێشتر ووتم نالی خۆی ناخاتە ناکۆکییەکەوە کە نەتوانێت لێی دەربچێت . لێرەشدا زۆر زیرەکانە چووەتە ناو دنیای ووردەکاری شیعرەوە . نالی وەکو واقیع لە حەبیبە دوورە و ئەو دوورێتییەش ئازارێکی هەمیشەیی کردووە بە میوانی دڵی نالی . نالی هەرچەندە لە حەبیبەوە دوورە , بەڵام پلەی شەیدا بوونی بە حەبیبە هێندە بەرز بووەتەوە کە توانیویەتی بگاتە دوایین قۆناغی خۆشەویستی کە ئەویش قۆناغی ( فەنا فیل حەبیبە ) یە . واتە چۆن سۆفی دەگاتە قۆناغی توانەوە لە خوادا , ئەمیش ئاوا گەیشتووەتە قۆناغی توانەوە لە حەبیبەدا .نالی خۆی لە دێڕێکی پێش ئەم دێڕەدا دەڵێت : ( لە سایەی کوفری زوڵفت دڵ – فەنا فیل نوری ئیمانە – . . مەڵێن زوڵمەت خراپە , وەسڵی پەروانە لە شەودایە ) . کەواتە نالی لە سایەی زوڵفی یارەوە توانیویەتی بگاتە پلەی باڵاَ لە گەیشتن و توانەوە لە ڕِووناکی ڕوخساری خۆشەویستەکەیدا .ئەگەر نالی گەیشتبێتە ئەم پلەی باڵایە لە شەیدا بوونیدا بە حەبیبە , ئیتر بۆ ناتوانێ لێی نزیک ببێتەوە و بە هەناسە زوڵفی لا بات ؟ مەنسوری هەلاج لە ناو حەقدا بە گوێرەی بیر و بۆچوونی خۆی توابووەوە بۆیە خۆی بە حەق و حەقی بە خۆی دەزانی . نالیش لە ناو عەشقی حەبیبەدا تواوەتەوە , بۆیە زیادە ڕەویی نییە ئەگەر نالی خۆی بە حەبیبە و حەبیبەش بە خۆی بزانێت . ئەگەر لەم ڕوانگەی تێکەڵ بوونە ڕۆحییەی نالی بە حەبیبەوە سەیری مانای ئەو دێڕە بکەین ( هەناسەم زوڵفەکەی لا داو مەیلێکی نەکرد چاوی . . نەسیم ئەنگوت و شەو ڕابورد و نەرگس هەر لە خەودایە ) ئەوا دەگەینە ئەو بەرئەنجامەی کە نالی مادەم گەیشتووەتە قۆناغی یەک بوون لە گەڵ حەبیبەدا , ئەوا حاڵەتێکی زۆر سروشتییە کە دەمی هێندە نزیک بکاتەوە لە ڕوخساری حەبیبە کە بە هەناسەکەی مووی زوڵفەکانی لە سەر ڕووی لابات . یانی نالی هەرچەندە لە دونیای واقیعدا دوورە لە حەبیبەوە بەڵام لە دونیای خەیاڵیدا , لە باری ڕۆحییەوە لە گەڵ حەبیبەدا بوون بە یەک . کەواتە نالی ئەگەر بڵێت حەبیبە زۆر نزیکە لێمەوە یان زۆر دوورە لێمەوە , بە هەردوو بارەکەدا ڕاست دەکات . کێ هەبێت لە حەبیبە زیاتر کە نالی گەیشتبێتە دوایین قۆناغی خۆشەویستی لە گەڵیدا ؟بێگومان کەسێکی تر نەبووە . کەواتە نالی ئەم شیعرەی بۆ حەبیبە داناوە , لە گەڵ ئەوەشدا کە ناوی حەبیبە لە شیعرەکەدا نییە . ئەم شیعرەش لە گەرم و گوڕترین ساتەکانی خۆشەوییستی نالی دا بۆ حەبیبە دانراوە . یانی ئەم شیعرە پێش شیعری ( دەستم لە گەردنی خۆت هەڵ مەگرە ئەی حەبیبە ) دا دانراوە . جگە لە خەفەت خواردنێکی نالی بۆ دوورێتی حەبیبە و ڕوو نەدانی پێی , ئیتر بێ ئومێدییەکی ئەوتۆ لە شیعرەکەدا دیار نییە . ئەو ناڵاندنەی نالی کە لەم شیعرەدایە , ناڵاندنێکی عاشقانەیە و هیوا بڕاوییەکی تەواوی لە حەبیبە تیا نییە . بەڵام ئەڵبەتە نالی قەت ئومێدەوارێکی وا نەبووە کە دڵی تەخت بێت لەوەی دەتوانێت حەبیبە بە لای خۆیدا ڕابکێشێت , چونکە حەبیبە قەت هیچ وشەیەکی مانا سووک و گرانی لەم بارەیەوە بە نالی نەوتووە . لەم پڕۆسەی ئەویندا , نالی هەمیشە یەک لایەنە ویستویەتی نزیک بێتەوە و حەبیبەش هەمیشە دوور کەوتووەتەوە . ئەم ئەوینە هەر ئاوا بووە تا ئەو کاتەی حەبیبە دوایین پەیامی خۆی بۆ واز هێنان لێی بە نالی ڕاگەیاندووە و نالیش بۆ دوایین جار لەو عەشقە نائومێد بووە . سێ مامۆستاکەی دیوانی نالی لە دوایین دێڕی ئەم شیعرەی نالی دا بەو ئەنجامە دەگەن کە نالی ( لە دووری تۆیە ئەی خورشیدی پڕتەو بەخشی شەوگەردان .. کە نالی وا لە حالاتی میحاقی ماهی نەودایە ) چونکە ڕووی خۆی بە میحاقی مانگی نوێ شوبهاندووە , یانی مەبەستی نالی باریکی و لاوازی مانگە نەک دوور و نزیکی لە خۆرەوە . بە پێی بۆچوونی ئەو بەڕێزانە مانگ چونکە بە دوور کەوتنەوەی لە ڕۆژ پڕ تر و گەش تر دەبێت , یانی نالی ش کە لە حەبیبەوە دوورە , ئەبێ لاواز و

باریک نەبێت و چەندیش لە حەبیبەوە دوور بێت دەبێت ئەوەندە بگەشێتەوە . کەواتە بە پێی بۆچوونی ئەو بەڕێزانە , نالی لێرەدا مەبەستی لە دوور و نزیکی مانگەوە نییە لە ڕۆژەوە و تەنیا مەبەستی لە لاوازی و باریک بوونەوەیەتی لە دەردی دووری حەبیبە . ئەم بۆچوونەی ئەو سێ مامۆستا بەڕێزە زیاتر ئەوە پیشان ئەدات کە نالی لەم نێوەدا هەڵەیەکی , بێ ئاگا , بە خەرج داوە و ئەمانیش دەیانەوێت پاساوی بۆ بهێننەوە . من دەزانم ئەوان لە خۆشەویستی شیعری نالی یەوە ئەو پەردە پۆشییەی بۆ دەکەن , وە ئەڵبەتە مەبەستی من ئەمە نییە . ئەوەی کە شیاوی خستنە ڕووە ئەوەیە کە وەک خوێنەرێک بەو مامۆستا بەڕێزانە بڵێم : لە گەڵ ڕێزو سوپاسی زۆرمدا بۆ ئەو ئەرکە گەورە و گرانەی کێشاوتانە بۆ ڕزگار کردنی شیعرەکانی نالی لە فەوتان , لە لێکدانەوەی ئەم شیعرەی نالی دا بە هەڵەدا چوون و نالی وەک چۆن باس لە لاوازی مانگ دەکات ئاواش باس لە نزیک و دووریشی دەکات لە ڕۆژەوە .

ئاخر هەرچەندە حەبیبە خۆرە و نالی ش مانگی سوڕاوەیە بە دەوریدا , بەڵام نالی لە خۆشەویستی حەبیبەدا تواوەتەوە و چووەتە پلەی باڵای یەک بوونەوە . نالی بە حوکمی ئەوەی لە دنیای واقیعدا لە حەبیبەوە دوورە و ئەوەش ئازار و ژانی دەداتێ و دواییش بەو ئازار و ژانە لاواز و باریک دەبێت , ئەوا بەو حوکمەشی کە لە باری ڕۆحییەوە تەواو لە حەبیبەوە نزیکە , ئیتر شەوقی پڕ ڕووناکی حەبیبە , شەوقی نالی دەبڕێت و نایەڵێت , ئەگەر زۆر بە ئاستەم نەبێت , دەر بکەوێت . ئەم قۆناغی تووانەوەیە لە خۆشەویستی حەبیبەدا کە نالی پێی گەیشتووە , ئیتر ئەو توانایەی دەداتێ کە لە باری ڕۆحییەوە بە چ بارێکدا و بە چ ئەندازەیەک بیەوێ لە گەڵ حەبیبەدا بجوڵێتەوە ونزیک ببێتەوە , خاوەنی بڕیار و پیادە کردنی بێت . تەنانەت بۆی هەیە خۆی بە حەبیبە و حەبیبەش بە خۆی بزانێت . کەواتە نالی بە هەڵەدا نەچووە کە خۆی شوبهاندووە بە مانگێکی دوور لە خۆرەوە و لە هەمان کاتیشدا لە جیاتی ئەوەی پڕ و گەش بێت , لاواز و باریکە . چونکە نالی هەرچەندە لە دونیای واقیعدا لە حەبیبەوە دوورە بەڵام ناتوانێت تەواو لاواز و باریک نەبێت بۆ دەرکەوتنی لە بەر ئەوەی لە باری ڕۆحییەوە تەواو لە خۆرەکەیەوە کە حەبیبەیە نزیکە . ئەم غەزەلەی نالی جارێکی تر ئەوە دەسەلمێنێت کە یەکیەتی بابەت لە شیعری کلاسیکیدا هەیە , بەڵام بەو شێوەیەی کە لە بەشی دووەمی ئەم نوسینەمدا ئاماژەم پێ کردووە . بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ئەو بیرۆکەیەم لەو بارەیەوە دەڵێم ڕاستە بەشە تایبەتییەکانی ئەم یەکیەتی بابەتە لە ناوە و لە زۆر حاڵاتدا بە یەکەوە نەبەستراون , بەڵام هەر یەکێک لەم بەشە تایبەتییانە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لە گەڵ چوارچێوە گشتییەکەدا هەیە کە یەکیەتی بابەتەکەیە و لەوێشەوە بە ناڕاستەوخۆ ئەو بەشە تایبەتییانە جۆرە پەیوەندییەکی هاو ئاهەنگ لە نێوانیاندا دروست دەبێت . ئەم نەبوونی پەیوەندی ڕٍاستەوخۆیە لە نێوان بەشە تایبەتییەکانی یەکیەتی بابەتدا ( بە تایبەتی لە غەزەلدا ) لە شیعری کلاسیکیدا , بەجیا لە ئیرادەی شاعیرەکان , وەک زەرورەیەکی مێژوویی و یاسایەکی ناوەکی شیعر, لە خزمەتی ڕێ کردنەوە بۆ ئازادی هەڵسوڕانی شاعیر و بردنە پێشەوەی شیعری کلاسیکیدا هاتووەتە ئاراوە . ئەم جۆرە لە یەکیەتی بابەت لە شیعری کلاسیکیدا بەر ئەنجامی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتییە . لە کۆمەڵگای سەرمایەدارییدا بەشە تایبەتییەکانی ئەم یەکیەتی بابەتە لەشیعردا لە پەیوەندی نا ڕاستەوخۆوە لە گەڵ یەکتریدا دەگۆڕدرێن بۆ پەیدا کردنی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە گەڵ یەکتریدا . ئەڵبەتە ئەم گۆڕانکارییە لە پڕۆسەیەکی دوور و درێژدا بە ئەنجام دەگات .

لەو لێکۆڵینەوەیەمدا کە لە سەر شیعر و پێکهاتووەکانی بە دەستمەوەیە لەم باسە دواوم و زیاتریش لێی دەدوێم . نالی لە دوایین دێڕدا کە باسی خۆر دەکات , گوایە ڕووناکی دەبەخشێت بە ئەستێرەکان , بێگومان وەک مەسەلەی زانست ئەوە نا دروستە , چونکە هەر یەکێک لەو ئەستێرانە بۆ خۆیان ڕۆژێکن و بە هەزاران هەزاریش لەو خۆرانە ( ئەستێرانە ) لە خۆرەکەی ئێمە گەورەترن . ئەڵبەتە ئەم زانستی گەردوون ناسییە بەم شێوەیەی کە ئەمڕۆ پەی پێ براوە و زانراوە , لە سەردەمی نالی دا ئاواهی نەبووە و شێوەی تێگەیشتنیش لێی جیاواز بووە . ئەم ڕۆژەی ئێمە تەنیا ڕووناکی بەخشە بە 9 (نۆ) هەسارەکەی دەوری خۆی و مانگەکانی ئەو هەسارانە و ئەو پارچە بچوکە سوڕاوانەی تریش کە دەکەونە نێوانی ڕۆژ و ئەو هەسارانەوە . ئەوەی کە نالی بۆی چووە و باسی کردووە کە گوایە ئەو هەموو ئەستێرانە ( شەوگەردانە ) ی تریش لە ئاسماندا ڕووناکی لەم خۆرەی ئێمەوە وەر دەگرن , لەوانەیە تێگەیشتنی ئەو سەردەمەی ئەستێرە ناسان بوو بێ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لەوانەشە وا نەبوو بێت و نالی خۆی لەو بارەوە زانیاری کەمی بە دەستەوە بووبێت . کێ دەڵێ ئەم جۆرە بۆچوونەی نالی دەربارەی ئەم خۆرەی خۆمان ,

شێوازی باوی ئەوسا (وەکو ئیحتمالێکی لاوەکی )ی شیعری کلاسیکی نەبوو بێت . هەر چۆن بێت ئەم خاڵە نابێت بە ڕەخنە بە سەر نالی یەوە و منیش تەنیا وەک ڕوون کردنەوەیەک لێیەوە دووام .

ماویەتی

بژار 29-07-2004